# خەریکە ماددەی سەد و چل لەنێو تۆزی بێدەنگیدا دەخنکێ!

**سیروان کاروانی**

کۆمەڵێک شت هەن لەلای ئێمە و بەتایبەت لە بواری سیاسەت و پەیوەست بە ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکان کە لایەنی گرنگیان لە هەر ئاستێکدا بێ، ئەوا ئێمە وەک کورد بە شێوەیەکی گشتی بەهایەکی ئەوتۆیان بۆ دانانێین، هەتا ئەوکاتەی هێندە بەکێش دەبن کە شانی تۆزلێنیشتووی کورد لەنێوان هەژاری و خەفەی سیاسەتدا توانای هەڵگرتنیانی نامێنێ.

لە رۆژگارێکی وەک ئەمرۆ و بۆ بەرژەوەندیی هەموو کورد، جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل یەکێکە لە ئەرکە نەتەوەییەکان و لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوەیە کە دوور نییە ئێمە بە گرنگیان بزانین و، بەو شێوەیەش گومانی تێدا نییە کە خەریکە لەنێو تۆزی بێدەنگیی بەتایبەت خودی کورددا دەخنکێ. ئەگەر بێتوو گەلی کورد بەسیاسەتمەدارانی لە پێشەنگییەوە، نەتوانن لە تەمەنی دووروودرێژی ئەو ماددە تەنانەت ناتەواوەدا سەرفرازی بکەن بەوەی کەوا بچووکترین هەنگاوی بۆ بنێن، ئەوا کاتێ کە لە لەنێوبردن نزێک دەبێتەوە، نە شتێکیان دەرحەق پێ دەکرێ، نە گیانیان پێ ئاسوودە دەکرێ.

ماددەی ناولێنراوی پەنجا و هەشتی یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق کە خۆی لە شەست و دوو ماددەدا دەبینێتەوە و، ماددەی پەنجا و هەشت بەلای کوردەوە گرنگترین و دیارترین خاڵی نێو راگەیاندنەکان بوو و شتێک بوو هەر لە سەرەتاوە بەگوتە رێگەی سازشی پێ نەدەدرا، ئەوە بوو هەر بە ماوەیەکی کەم لەدیوی نەیارانیەوە نارەزاییی لێ کەوتەوە و گیانی کون کون کرا، دواتریش ناوێکی خوازراوی وەک سەد و چلیان لێنا و ئیتر هێندەی تر کەوتنە وێزەی، هەتا ئەمرۆ کە دەبینین وا لەسەرەمەرگدایە.

ئەوەتا کات تێپەری و ماددەی سەد و چل جێبەجێ نەکرا و هیچ هەنگاویشی بۆ نەنرا. عەرەبی هاوردە نەگەرانەوە شوێنی باب و باپیرانی خۆیان، کوردە کەرکووکییە ئاوارەکان نە قەرەبوو کرانەوە و نە کۆمەکێکی رۆحییان پێ کرا، ئەو کەرکووکییانەی بە ئازایەتیی خۆیان و بێباک لە هەرەشەی تیرۆریستان و شۆڤینییەکان روویان لە شارەکە کردەوە هەتا ئێستا لەژێر چادرگە شرەکان و حەوشەی داتەپیوی خوێندنگەکان (کە هێشتا نێوە عەرەبییەکانی زەمانی بەعسیان پێوە ماوە)، لە چاوەروانییەکدا ژیان بەسەر دەبەن کە هەر لە هی مەهدی دەچێ.

لەم رۆژگارە پرشوومەدا، کورد نە کارتێک بەکاردەهێنێ، نە گرەنتییەکی بۆ دوارۆژی خۆی و ئەو ماددەیە هەیە و نە وەک پیشەی دەستەڵاتی سیاسیشی گوێ بۆ گووشاری رای گشتیی خەڵکی خۆی دەدات.

ئەوەتا رای گشتیی خەڵکی کوردیان هێندە خەفە کردووە کە خەریکە کەرکووکییەکان لەم زستانە تووش و چارەنووسسازە هەستیارەدا بەتەنها جێدەهێڵن، نە خۆپێشاندانێکی ئەوتۆ، نە کامپینێکی بەرچاو، نە پرسیارگەلێک لە خەڵکی کورد بۆ دواکەوتنی ماددەی تایبەت بە کەرکووک و ناوچەکانی تر لەئارادایە. وا هێدی هێدی لەبیری خەڵکی دەبەنەوە و شتی لاوەکی بە گرنگ لەپێش دیدی خەڵکی کورددا پێشان دەدەن و، بەو شێوەیەش شتە چارەنووسسازەکان لە هەناوی گەلی کورددا دەخنکێنن.

لە هەموو ئەو گرفتە سووک و گرانانەی کە لەم سەردەمەدا تووشی کورد دەبنەوە، چی هەیە لە گرفتی گەورەی کەرکووک گرنگتر بێ، کە لە هەموو سەردەمێکدا گەورەترین کێشەی ترۆپکی دانووسان بووە لەلایەن خەڵکی کورد لەگەڵ رژێمە کۆنەپەرستەکان کە دوارۆژی کوردی پێوە بەندە و، تەنانەت هەموو جیهانیش چاوی تێبریوە.

ئەوەی لە دواترین گۆڕانکاریدا سەبارەت بەو ماددەیە وەک مژدەیەک بۆ خەڵکی کورد و بێدەرەتانەکانی کوردی دەهێننەوە، دواخستنییەتی بۆ ماوەی شەش مانگ و داخۆ چەندی تریش. لەمەشیاندا جارێکی تر لایەنی کورد لە خشتە برا بەوەی کە ئەمجارەیان هیچ وادەیەک نییە بۆ جێبەجێکردنی. لە دەستەواژەی سیاسیشدا، پاشتێپەڕبوونی ئەو شەش مانگەش، دەشێ بۆ هەتایە لە چاوەڕوانیی جێبەجێکردندا بین.

2007-12-18